# دیزاینی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی خەبات و چۆنیەتی دەرخستنی بابەتەکان

**د.دلێر ئەحمەد حەمە**

**بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.**

---

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە کە بەناونیشانی (دیزاینی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامە چۆنیەتی دەرخستنی بابەتەکان / ڕۆژنامەی خەبات بەنموونە) هەوڵێکە بۆ خستنە ڕووی گرنگیی لاپەڕەی یەکەم و گرنگیی دیزاینکردنی ڕەگەزە تایپۆگرافیکانی تاکو بتوانرێت بابەتەکان بەپێی گرنگییان بخرێنەڕوو. ئەم توێژینەیەوە بەپێی میتۆدی وەسفی و شیکاری ناوەرۆك ئەنجام دراوە و ژمارەکانی هەرسێ مانگی (ئایار و حوزەیران و تەموز) ی ڕۆژنامەی (خەبات) بە سامپڵی توێژینەوەکە وەرگیراوە ، لەڕووی دیزاینی لاپەڕەی یەکەم چۆنیەتی دەرخستنی بابەتەکان قسەمان کردووە.

لەم توێژینەوەکەدا بەچەند ئەنجامێك گەیشتووین لەوانە: گرتنەبەری یەکێك لە قوتابخانەی دیزاین خاڵێکی گرنگە بۆ دیزاینی لاپەڕەی یەکەمی هەر ڕۆژنامەیەك ،چونکە دەبێتە بەشێك لە کەسێتی ڕۆژنامەکە و بەگونجاوی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەگەزە تایپۆگرافیەکاندا.

لەژمارەکانی ئەو سێ مانگەی ڕۆژنامەی خەباتدا قوتابخانەیەکی جێگیر یان یەکێك لە ڕێبازی قوتابخانەکان بەبەردەوامی نادۆزرێتەوە ، جاری وایە زۆر قورسە بزانیت لاپەڕەی ڕۆژنامەکە بەپێی چ قوتابخانەیەك دیزاینکراوە.

خاڵێك کەگرنگە و ڕۆژنامەکە پەنای بۆ بردووە (لاپەڕەی جیگرەوە) یە واتە لەژمارەیەکدا دوو لاپەڕەی یەکەم هەبێت ، ئەمیش لەو حاڵەتانەدا ڕووی داوە کە لاپەڕەی یەکەمی ژمارەی ئەو ڕۆژە بەتەواوی تەرخان بێت بۆ بابەتێك و لاپەڕەی سێیەمی کردووە بە جێگرەوەی لاپەڕەی یەکەم واتە دیزاینکردنی لاپەڕەیەکی تریش بەهەمان شێوەی دیزاینی لاپەڕە یەکەم.

**وشە کلیلیەکان : دیزاین ، لاپەڕەی یەکەم ، ڕەگەزەکانی تایپۆگرافیا ، دەرخستن**

---

مجلّة پۆلیتکنیك للعلوم الإنسانية والإجتماعية

المجلد 4 ، العدد 2 (2023)

ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 8 نوفمبر

حقوق الطبع والنشر © 2023 د.دلير. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

## پێشەکی

دیزاین و نووسینی ڕۆژنامەوانی دوانەیەکی تەواوکەری یەکدین، باشترین و گرنگترین هەواڵ لەڕێی دیزاینەکەیەوە ڕێکدەخرێت و شوێنی گونجاوی لەسەر لاپەڕە بۆ دیاریدەکرێت و لەڕێی بەکارهێنانی ڕەگەزە تایپۆگرافیەکانەوە دەخرێتە بەرچاوی خوێنەرو بۆلای خۆی ڕایدەکێشێت.

لاپەڕەی یەکەم لەهەر ڕۆژنامەیەکدا گرنگی و بایەخی خۆی هەیە و دەروازەی لاپەڕەکانی ترە، گرنگترین هەواڵەکان لەلاپەڕەی یەکەمدا بڵاودەکرێنەوە، هەر لەبەر ئەو گرنگی و بایەخەی لاپەڕەی یەکەم لەڕووی دیزاینیشەوە بە ڕەچاوکردنی بنەما زانستی و هونەرییەکانی ڕێبازەکانی دیزاین ، بایەخێکی تایبەتی پێدەدرێت و بابەتەکانی بە پێی گرنگی و سیاسەتی ڕۆژنامەکە ڕێکدەخرێن و دەخرێنە ڕوو.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵی ئەوەمان داوە گرنگی لاپەڕەی یەکەم و چۆنیەتی دیزاینەکەی بخەینەڕوو بۆئەوەش ڕۆژنامەی خەبات مان بە نموونە وەرگرتووە کە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

## بەشی یەکەم

## چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### یەکەم: گرنگی و بایەخی توێژینەوەکە

گرنگی و بایەخی ئەم توێژینەوەیە لە بایەخی لاپەڕەی یەکەمەوە سەرچاوەی گرتووە، لاپەڕەی یەکەم دەروازەی لاپەڕەکانی تری ڕۆژنامەکەیە هەربۆیە لەڕووی دیزاینەوە بایەخێکی تایبەتی هەیە و ماندووبوونی زیاتری دەوێت، لەو نێوەندەشدا ئەوەی کە زۆر گرنگە دیزاینی ڕەگەزکانی تایپۆگرافیایە کە ڕۆڵ دەگێڕێت لە زەقکردنەوەی بابەتکانداو دواجار سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت، هەربۆیە بەلامانەوە گرنگ بوو لاپەڕەی یەکەم هەڵبژێرین و لە ڕووی گرنگیەکەی و دیزاین و دەرخستنی بابەتەکانانیەوە بدوێن.

### دووەم: ئامانجی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا ئامانجمانە هەنگاوەکانی دیزاینی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامە بخەینە ڕوو لەلایەکی تریشەوە ئەوە باس بکەین چۆن لەڕێی دیزاینی ڕەگەزە تایپۆگرافیەکانەوە بابەتەکانی لاپەڕەی یەکەم دەخرێنەڕوو، بەمەش دەبێتە مایەی سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر، هەروەها ئامانجمانە بزانین لە دیزاینی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی خەباتدا پەیرەوی قوتابخانە و وردەکاریەکانی دیزاینی ڕەگەزەتایپۆگرافیەکان کراوە یاخود نا؟ و توانراوە دەرخستن بۆ بابەتەکان بکرێت لە ڕێی دیزاینی ڕەگەزەکانی تایپۆگرافیاوە؟

### سێیەم: کێشەی توێژینەوەکە

کێشەی توێژینەوەکە خۆی لەگەڕان بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارانەدا دەبینێتەوە

1- گرنگیی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامە لەچیدایە؟
2- پێکهاتەکانی لاپەڕەی یەکەم چین؟
3- چۆن دیزاینی ڕەگەزەکانی تایپۆگرافیا دەکرێت بۆ دەرخستنی بابەتەکان.
4- ئایا ڕۆژنامەی خەبات لە ڕووی پەیرەوکردنی دیزاینی لاپەڕەی یەکەمەوە سەبارەت بە قوتابخانەکان ناسنامەیەکی ڕوونی بۆخۆی دروستکردووە؟
5- ئایە ڕۆژنامەی خەبات توانیویەتی بەباشی دیزاینی ڕەگەزەکانی تایپۆگرافیا بکات بۆ دەرخستنی بابەتەکانی.

### چوارەم:ڕێبازی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە ڕیبازی وەسفی و شیکاری ناوەرۆك بەستووە.

### پێنجەم: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە ڕۆژنامەی خەبات کە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

### شەشەم:سامپڵی توێژینەوەکە:

سامپلی توێژینەوەکە بریتییە لە ژمارەکانی هەرسێ مانگی(ئایار و حوزەیران و تەموز) کەبە تێکڕا بریتین لە (42) ژمارە، ئێمەش بۆهەر مانگێك (5) ژمارەمان بە شێوازی هەڕەمەکی دیاریکراو هەڵبژاردووە کە دەکاتە(15) ژمارە .

## بەشی دووەم

## دیزاینی لاپەڕەی یەکەم و ڕەگەزەکانی دەرخستنی

### یەکەم: پێکهاتەکانی لاپەڕەی یەکەم

لاپەڕەی یەکەم بەوە لە لاپەڕەکانی تر جیادەکرێتەوە کەهەندێك ڕەگەزی جێگیر لەخۆ دەگرێت و لەژمارەیەکەوە بۆ ژمارەیەکی تر ناگۆڕێت مەگەر دوای ماوەیەکی زۆر هەندێك گۆڕانکاری لەو ڕەگەزانەدا بکرێن. ئەو ڕەگەزانە بەدرێژایی دەرچوونی ژمارەکانی ڕۆژنامەکە کەسایەتیێك بۆ ڕۆژنامەکە دروستدەکەن و دەبنە سیمایەکی هەمیشەیی و لەناو ڕۆژنامەکانی تردا پێی دەناسرێتەوە.
ئەو ڕەگەزانەی کە لاپەڕەی یەکەم پێکدەهێنن ئەمانەن:

**1-ناوی ڕۆژنامە:** ناوی ڕۆژنامە یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگە پێکهێنەرەکانی لاپەڕەی یەکەم، هەروەك چۆن مرۆڤ بێ ناو نابێت ڕۆژنامەش بێ ناو نابێت. دوای دیاریکردنی ناوی ڕۆژنامە لەلایەن خاوەن وسەرنووسەری ڕۆژنامەکەوە ئیتر ئەو ناوە دەبێتە موڵکی ڕۆژنامەکەو هیچ ڕۆژنامەیەکی تر ناتوانێت بەو ناوە بڵاوکراوەیەك دەرکات.

ناوی ڕۆژنامە دەبێت گوزارشت بێت لە شتێك بەواتایەکی تر مانایەکی وای هەبێت کە ڕەنگدانەوەی کەسایەتی ڕۆژنامەکە بێت(الحسن،2012، 145) . ناوی ڕۆژنامە دەشێت ئاماژەیەکی سیاسی میدیایی نەتەوەیی کۆمەڵایەتی هەبێت، ئەوەی کە زۆر گرنگە لە ناوی ڕۆژنامەدا ڕەچاوبکرێت بریتین لە ( فۆنتەکەی ، ڕەنگ ، سایز، شوێن)ئەم چوار خاڵە دەبێت هەر لە سەرەتاوە یەکلابکرێنەوە بچەسپێن.

سەبارەت بە دیاریکردنی فۆنت بۆ نووسینی ناوی ڕۆژنامەکە، زۆرجار ڕۆژنامەکە خۆی فۆنتێکی تایبەت بەخۆی دیاریدەکات یان لەناو ئەو فۆنتانەی کەلە کۆمپیوتەردا بەردەستن یەکێکیان هەڵدەبژێرێت، ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەو فۆنتەی کە دیاری کرا نابێت دووبارەی فۆنتی ڕۆژنامەیەکی تر بێت تاکوو ببێتە سیماو شوناسی کەسێتی ڕۆژنامەکەو لەناو ئەوانی تردا پێی بناسرێتەوە.
هەڵبژاردنی ڕەنگێکی گونجاویش خاڵێکی گرنگە،نابێت لەخۆوە هەروا ڕەنگێك دیاری بکرێت. ئەو ڕەنگەی بۆ ناوی ڕۆژنامە هەڵدەبژێردرێت دەبێت مانادار بێت لەگەڵ ناوی ڕۆژنامەکەو ئامانج و سیاسەتی ڕۆژنامەکە یەکبگرێتەوە.

سەبارەت بە سایزی ناوی ڕۆژنامەش بەپێی ئەو پانتاییە کەتیایدا دادەنرێت دیاری دەکرێت واتە دەکەوێتە کوێ لەبەشی سەرەوە ، لای ڕاست یان ناوەراست یان لای ڕاست و درێژدەبێتەوە تا ناوەراست.

سەبارەت بە شوێنی ناوی ڕۆژنامەش ئەوا قوتابخانەی دیزاینی لاپەڕەکە ئەوە دیاری دەکات واتە ڕۆژنامەکە خۆی بڕیادەدات کە بە چ قوتابخانەیەك دیزاینی لاپەڕەی یەکەم دەکات، چونکە هەر قوتابخانەو بەجۆرێك دەڕوانێتە شوێنی دانانی ناوی ڕۆژنامە، بۆ نموونە لە قوتابخانەی کلاسیکدا ناوی ڕۆژنامە دەکەوێتە ناوەراستی بەشی سەرەوە و هیچ شتێك لەسەرووی ئەو دانانرێت، لە قوتابخانەی میانرەویش بەهەمان شێوە بەڵام ئەوەندە هەیە دەکرێت ناوی ڕۆژنامەکە بکەوێتە لای ڕاست. هەرچی قوتابخانەی نوێ یە بەشێوەیەك دیزاینی دەکات کە ناوی ڕۆژنامەکە دەکەوێتە خوار بەشی سەرەوە و دەشێت بابەت و ناونیشان و وێنە لەسەوویەوە هەبن. بێگومان ئەمە بۆ ڕۆژنامەیەك بە لاتینی دەربچێت پێچەوانە دەبێتەوە.

**2-گوێچکەکان:** گوێچکەکان دەکەونە هەردوو لای ڕاست و چەپی بەشی سەرەوەی لاپەڕەی یەکەم، زۆرجار هەردوو گوێچکە بۆ ڕیکلامێك یان هەواڵێك یان ئاگادارییەکی گرنگ بەکاردەهێنرێت، بەڵام بەکارهێنان و بەکارنەهێنانی گوێچکەکان وەستاوەتە سەر پەیرەوکردنی قوتابخانەکانی دیزاین، گەر ڕۆژنامەکە بەپێی ڕێبازەکانی قوتابخانەی کلاسیك بوو ئەوا دەکرێت سوود لە هەردوو گوێچکە ببینرێت چونکە ناوی ڕۆژنامەکە دەکەوێتە ناوەڕاستەوە، بەڵام گەر پەیرەوی قوتابخانەی میانرەوی کرد دەشێت سوود لە تەنها گوێچکەیەك وەربگیرێت، بەڵام گەر هاتوو پەیرەوی قوتابخانەی نوێی کرد ئەوا گوێچکە ئەو بایەخەی نامێنێت چونکە لەم قوتابخانەیەدا لاپەڕەکە سەراپا وەك یەك پارچە تەماشادەکات.

**3-گەردن:** گەردن دەکەوێتە ژێر گوێچکەکان و ناوی ڕۆژنامەکەوە ، بە پانتایی ستوونە بەکارهاتووەکانی لاپەڕەی ڕۆژنامە بەشێوەیەکی گشتی بۆ ژمارەی ڕۆژ و ڕێکەوت پێناسەی ڕۆژنامەکە بەکار دەهێنرێت، دیسانەوە بەکارهێنانی گەردنیش وەستاوەتە سەر پەیرەوکردنی یەکێك لە قوتابخانەکانی دیزاین لەهەردوو قوتابخانەی کلاسیك و میانرەودا سوودی لێوەردەگرێت بەڵام لە قوتابخانەی نوێدا دەشێت یەکسەر لەژێر ناوی ڕۆژنامەکە یان تەنیشتی بنووسرێت.

## دووەم: گرنگیی لاپەڕەی یەکەم

هەموو ڕۆژنامەیەك ئامانجیەتی زۆرترین خوێنەر بۆخۆی ڕابکیشێت و زۆرترین فرۆشی هەبێت، دەستپێکردنی ئەم هەنگاوەش لە لاپەڕەی یەکەمەوە دەبێت. لاپەڕەی یەکەم دەروازەی لاپەڕەکانی ترە و خوێنەر سەرەتا چاوی دەکەوێتە سەر مانشێت و وێنەکان و ناونیشانی هەواڵەکانی لاپەرەی یەکەم ، بۆیە بەردەوام لەڕوی بڵاوکردنەوەی هەواڵەگرنگەکان و دیزاینکردنیان بایەخێکی تایبەتی پێدەدرێت،(لاپەرەی یەکەم لە ڕۆژنامەی ڕۆژنەدا بەئاوێنەی تەوای ڕۆژنامەکە دادەنرێت و کورتکراوەی تەواوی کارکردنی ڕۆژنامەنووسییە لە ڕۆژنامەکەدا)( زوبیان،2008، 4016). ئەم گرنگی و بایەخدانە بە لاپەڕەی یەکەم لەلای هەموو ڕۆژنامەیەك پەیڕەو دەکرێت چونکە ((ئەم لاپەڕەیە لەرێی ڕەگەزە تایپۆگرافیاکان و چۆنیەتی دیزاینکردنیانەوە دەبێتە دەروازەیەك بۆ ڕۆژنامەکە و کەسایەتییەکی بۆدروست دەکات و ڕیگا خۆشکەرێك دەبێت بۆ خوێنەرانی کە برۆن لە لاپەڕەکانی ناوەوە وردەکاری زیاتری هەواڵەکان بخوێننەوە)).( عبدالله،2014، 113)

ئەوەی کەوای کردووە گرنگیی لاپەڕەی یەکەم زۆر بێت و ڕۆژنامەکان بەردەوام بایەخی پێبدەن بڵاوکردنەوەی هەواڵە زۆر گرنگەکانە بەپێی سیاسەتی ڕۆژنامەکە ، چونکە بەردەوام لەلاپەڕەی یەکەمدا هەوڵ دەدرێت زۆرترین بڕی هەواڵی گرنگ بە ناونیشانی دیارو وێنەی گەورەوە بڵاوبکرێتەوە هەربۆیە(یەکەم لاپەڕە دەربڕینێکی بەهێزە بۆ خستنە ڕووی بابەتیانەی تێکڕای ناوەرۆك و لایەنی جوانکاری ڕۆژنامە و ئەمەش بەوە دەبێت کە ئەو بابەت و هەواڵەگرنگانە بەشێوەیەکی ستاندەر و هونەریانە نەخشەسازییان بۆ بکرێت) (مەنگوڕی، 2007، 37). کەواتە ئەم بایەخ پێدانە بە پلەی یەکەم بۆ دیزاینەکەی دەگەڕێتەوە کە پەیڕەودەکرێت و بەتەواوی لە دیزاینی لاپەڕەکانی ناوەوە جیاوازترە. لە دیزاینی لاپەڕەی یەکەمدا بە پێی سیاسەتی ڕۆژنامەکە یەکێك لە قوتابخانەکانی دیزاین پەیڕەو دەکرێت و دەبێتە مۆرکی لاپەڕەی یەکەم و پێی دەناسرێتەوە، پەیڕەوکردنی ئەمەش کارێکی پێویستە و ناکرێت لەخۆوە و بەبێ ڕەچاوکردنی یەکێك لە ڕێبازەکانی قوتابخانەکانی دیزاین نەخشەسازی بۆ لاپەڕەی یەکەم بکرێت، چونکە ئەوە هەم لەبەهاو گرنگیەکەی کەم دەکاتەوەو هەم کاریگەریشی دەبیت لەسەر کەسێتی ڕۆژنامەکە.

بۆ ئەوەی لاپەرەی یەکەم بایەخ و گرنگیی خۆی بپارێزێت واچاکە ڕەچاوی ئەم چەند خاڵە بکرێت:

1-ڕیزبەندیی بەهای هەواڵیی بابەتەکان بەپێی (گرنگترین ، گرنگتر ، گرنگ ، ئاسایی).

2- دانانی وێنەی گونجاو لەگەڵ بابەتەکاندا.

3- دانانی بابەتی سەرەکی لەلای ڕاستی بەشی سەرەوە یان لە نیوەی بەشی سەرەوە(سنگی لاپەڕە) و ڕەچاوکردنی ئەوەی وێنە نەکەوێتە شوێنی نوشتانەوەی لاپەڕەکە.

4- ڕەچاوکردنی هاوسەنگی لە دابەشکردنی بابەتەکاندا بە پێی قوتابخانە دیزاینیەکەی کە پەیڕەودەکرێت.

5- بابەخدان بە مانشێت و ناونیشانەکان چ لەڕوی قەبارەوە یان لە ڕووی ڕەنگەوە.

6- ڕەچاوکردنی ڕوونی و ئاسانی خوێندنەوەی بابەتەکان لەڕێی هەڵبژاردنی فۆنت و قەبارەی گونجاوەوە، هەروەها پەیوەندییەکی تەواوەتی لەنێوان ناونیشان و وێنەکانیان و بابەتکانیاندا هەبێت.(عبداالله،116،0214)

## سێیەم/ قوتابخانەکانی دیزاینی لاپەڕەی یەکەم

لاپەڕەی یەکەم گرنگیی خۆی هەیە، هەربۆیە (قوتابخانەکانی دیزاین لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی پێ دەنەخشێنرێت بەو پێیەی لاپەڕەی یەکەم دەروازەی لاپەڕەکانی ترەو یەکەم شوێنە کە چاوی خوێنەری دەکەوێتە سەرو دەبێتە جێگەی بایەخ پێدانی )(الصویعی ,1998, 155).

هەر لەسەرەتای کارکردن بۆ دەرکرنی ڕۆژنامەیەك دیاریکردنی قوتابخانەیەکی نەخشەسازی بۆ دیزاینکردنی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکە بڕیاری لەسەر دەدرێت و ڕۆژانە پەیڕەودەکرێت تادەبێتە بەشێك لە کەسایەتی ڕۆژنامەکە، دەتوانین بڵێین ئەمەش یەکێك دەبێت لە نەگۆڕاوەکانی لاپەڕەی یەکەم مەگەر بەدەگمەن بۆ هەندێك بۆنەی تایبەت یان دوای تێپەڕینی ماوەیەکی زۆر (ئەم قوتابخانانە کاری لەپیشینەیان بریتییە لە دابەشکردنی یەکە تایپۆگرافیەکان لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو هەوڵدان بۆ دەرخستنیان).(عبداله، 2014، 205)

بەشێوەیکی گشتی سێ قوتابخانەی دیزاینمان هەیە ( قوتابخانەی کلاسیك ، قوتابخانەی میانڕەو ، قوتابخانەی نوێ) هەریەکەیش لەو قوتابخانانە لەچەند ڕێبازێك پێك دێن و ڕۆژنامەکە بەگوێرەی سیاسەتی خۆی یەکێك لە ڕێبازەکانی ئەو قوتابخانەیە هەڵدەبژێرێت کە خۆی مەبەستێتی ،لێرەدا بەخێرایی تیشك دەخینە سەر ئەو سێ قوتابخانەیە:

**قوتابخانەی یەکەم : قوتابخانەی کلاسیك**، سیمای سەرەکیی ئەم قوتابخانەیە ئەوەیە کە ناوی ڕۆژنامە دەکەوێتە ناوەندی بەشی سەرەوەی لاپەڕەی یەکەم لەنێوان هەردوو گوێچکەکەدا( موسی ، 2004 ،93) و گەردن دەکەوێتە ژێری. هیچ بابەتێك لە سەرووی ناوی ڕۆژنامەکەوە دانانرێت مەگەر بەدەگمەن. بنەمای کارکردنی ئەم قوتابخانەیە بریتیە لە (هاوسەنگیی ورد) واتە جەخت لە هاوسەنگبوونی ڕەگەزە تایپۆگرافیەکانی سەر لاپەڕەی یەکەم دەکاتەوە بەجۆرێك کە ڕەگەزێك بەرامبەر ڕەگەزێکی هاوشێوەی خۆی بێت، وەك وێنەیەك بەرامبەر وێنەیەك بابەت بەرامبەر بابەت جائیتر بەدەستهێنانی ئەم هاوسەنگییە بەم جۆرە لای ڕاست و چەپ بێت یان لەسەرەوە و خوارەوە بێت یان لەبەشی سەرەوە بێت یان لەهەموو لاپەرەکەدا بێت.(الوحیشی ، 1999 ، 106)

ڕێبازەکانی ئەم قوتابخانەیە بریتین لە (هاوسەنگیی ورد ، هاوسەنگی بەقەرەبووکردنەوە،هاوسەنگی لەسەرەوە و خوارەوی لاپەڕەکە، هاوسەنگی تەنها لەبەشی سەرەوە). ڕوانینی ئەم قوتابخانەیە بۆ دەرخستنی بابەتەکان تەنها لە ڕوانگەی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانیەتی لەگەڵ شوێنی دانانی بابەتەکان، بۆنموونە گرنگرتین بابەت بەناونیشان و وێنەی گەورە دەکەوێتە لای ڕاستی بەشی سەرەوەو بابەوتی گرنگ بەهەمان قورسایی دەکەوێتە بەرامبەری لای چەپ. یان بەهەمان شێوە هەرچییەک لە سەرەوە هەبوو هەمان شت لە بەشی خوارەوەش دەبێ هەبێت ، یان بابەتی گرنگ لای ڕاست بە ناونیشان و وێنە دەردەخات بەڵام لای چەپ تەنها بە ناونیشانێکی گەورە پڕدەکاتەوە و هاوسەنگی دروستدەکات کە بەم ڕێبازەیان دەگوترێت قەرەبووکردنەوە.

**قوتابخانەی دووەم: (قوتابخانەی میانڕەو)** بەگوێرەی ئەم قوتابخانەیەش، ناوی ڕۆژنامەکە دەکەوێتەوە بەشی سەرەوە بەڵام دەکرێت لە ناوەندا نەبێت و لای گوێچکەی ڕاستەوە دەسپێبکات تا ناوەڕاست. ئەم قوتابخانەیە جەخت لەهاوسەنگی دەکاتەوە بەڵام هەوڵی خۆ ڕزگارکردن دەدات لە هاوسەنگیی ورد بەجۆرێك بگونجێت لەگەڵ سروشتی بابەتەکاندا، ئەمەش خۆی لەچەند ڕێبازێکدا دەبینێتەوە ( هاوسەنگیی ناهاوشێوەیی ، چواربەشی ، تەرکیزیی)( الحسن ، 2012 ، 59)، دیزاینی بابەتەکان و خستنە ڕوویان لەم قوتابخانەیەدا بە پێی ئەو ڕێبازانە دەبێت یان وەکو ڕێبازی یەکەم ڕەگەزێکی قورس، بۆ نموونە وێنەیەکی گەورە لەبەرامبەردا لەگۆشەیەکی تر هاوسەنگ دەکرێت بە هەمان ڕەگەز بەڵام بچوکتر ئەمەش بە پێی یاسای ئەرخەمێدس. یان بە پێی ڕێبازی (چواربەشی) دەبێت، واتا بۆ دیزاین و دەرخستنی بابەتەکان لاپەڕەکە دابەشی سەر چواربەش دەکرێت و لە هەربەشێك بابەت بە وێنە و ناونیشانەوە دەنەخشێنرێت. یاخود بەپێی ڕێبازی تەرکیزی کە ناوی خۆی بەخۆیەوەیەتی ، تەرکیز دەخاتە سەر گۆشەیەك و بەسەر گۆشەکانی تردا زاڵیدەکات و زیاد لە ڕەگەزێکی تایپۆگرافی بۆ بەکاردەهێنرێت بەمەبەستی زیاتر دەرخستنی.

**قوتابخانەی سێیەم: (قوتابخانەی نوێ)** لەم قوتابخانەیەدا مەرج نییە ناوی ڕۆژنامە بکەوێتە بەشی سەرەوەی لاپەرە، بەڵکو دێتە بەشی دووەم و لای ڕاست دادەنرێت و دەشێت بابەت لە سەرووی ناوی ڕۆژنامەکە دابنرێت کە ئەمە لە دوو قوتابخانەکەی پێشوودا بەدی ناکرێت. دیزاینی لاپەڕەی یەکەم بەپێی ئەم قوتابخانەیە لە هەموو کۆت و بەندەکانی هاوسەنگی ئازادکراوە و سیمای سەرەکیی لە بەکارهێنانی وێنەی گەورە و ناونیشانی گەورە و بەکارهێنای ڕەنگ و خستنەڕووی بڕێکی زۆری هەواڵ خۆی دەبینێتەوە( موسی ،2014 ، 111). دیزاینەر لەم قوتابخانەیەدا لەیەك لاپەڕەدا ڕەگەزە تایپۆگرافیە قورسەکان زۆر بەکاردەهێنێت، چونکە هەموو لاپەڕەکە بەلایەوە خاڵی تێڕوانینە و گۆشەیەك نییە فەرامۆشی بکات ، هەرچەندە لەبەر ئەو زۆر بەکارهێنانەی ڕەگەزی تایپۆگرافیای قورس ڕەخنەی لێگیراوە بەوەی سەرنجی خوێنەر پەرت دەکات، بەڵام لایەنگرانی پێیان وایە دیزاینی لاپەڕە بەم جۆرە، خوێنەر ڕادەکێشێت و زیندوێتیی پێ دەبەخشێت و دەتوانرێت زۆرترین بڕی هەواڵ بڵاوبکرێتەوە.

## چوارەم/ دیزاینی ڕەگەزەکانی تایپۆگرافیا و دەرخستنی بابەتەکان

دەتوانین بڵێین تایپۆگرافیا(زانست و هونەری دەستە چاپکراوەکانە)(العسکر ، 1998، 15 ) دیارە مەبەست لە چاپکراوەکانی سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەش (پیت و ناونیشان و وێنە و ڕەنگ و هێڵ و چوارچێوە)یە. بەمانەش هەموویان ڕەگەزەکانی تایپۆگرافیا پێکدەهێنن.لەهەمان کاتێشدا هەر لەڕێگەی ئەم ڕەگەزانەوە( یەکێتیەك دروست دەبێت لە بونیاتی نەخشەسازی لاپەڕەی ڕۆژنامەکەدا و گرنگترین ئامانج بەدەست دێت کە خوێندنەوەیە، واتە وادەکات کە بابەتەکە لەلایەن خوێنەرەوە بخوێنرێتەوە.(الساعدی،2018، 561)

ئەو ڕەگەزانەی تایپۆگرافیا هەموو ڕۆژێك لە لاپەڕەی یەکەمەوە تا کۆتا لاپەڕە دیزانەر مامەڵەیان لەگەڵدەکات و دووبارە دەبنەوەو لێهاتوویەکی باشی دەوێت بۆ ڕێکخستن و گونجاندنیان لەگەڵ بابەتەکانیاندا .

مەبەست لەدەرخستنیش لە دیزاینی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەدا ئەوەیە ئەو بابەتانەی کە دیاریدەکرێن بۆ بڵاوکردنەوە بەشێوەیەك لە شێوەکان بە پێی ڕادەی گرنگییەکانیان یەکێك یان چەند ڕەگەزێکی تایپۆگرافی لەگەڵ دادەنرێت ، ئەمەش بەمەبەستی زیاتر سەرنج ڕاکێشانی خوێنەرە.
بەواتایەکی تر لەدیزاینی بابەتەکانی سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەدا بەتایبەتی لاپەڕەی یەکەم کاتێك دەرخستن بۆ بابەتێك دەکرێت مەبەست لێی زیاتر زەقکردنەوە و زاڵکردنێتی بەسەر بابەتەکانی تردا بەمەش سەرنجی خوێنەر بۆلای خۆی ڕادەکێشێت و بەپێی ئەزموونی خوێندنەوەی بۆ بابەتەکانی ڕۆژنامە ئاستی گرنگیی بابەتێکی لە بابەتێکی تر بۆ دەردەکەوێت. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە ڕۆژنامەکان زۆر بایەخ بە دەرخستنی بابەتەکان دەدەن بەتایبەتی بابەتی سەرەکی یان ئەوبابەتەی کەبەلای ڕۆژنامەکەوە بۆ ژمارەکەی ئەو ڕۆژەی تیایدا دەردەچێت، تەنانەت بۆ ئەو بابەتانەی کە بایەخێکی کەمتریشیان هەیە و دەکەوێتە گۆشەی لای چەپی خوارەوە بۆ ئەوەی نەمرێت و سەرنجی خوێنەر بچێتە سەری زۆرجار یەکێك لەڕەگەزەکانی دەرخستنی بۆ بەکار دەهێنن.
رەگەزەکانی دەرخستنەکە جگە لە رەگەزەکانی تایپۆگرافیا ئەمانەش دەگرێتەوە:( شوێن لەسەر لاپەڕە ، کەوانەکان و گەورەکردن ، شەبەك و باکگراوند).

**1ـ شوێن لەسە لاپەڕە:** مەبەست لە شوێن لەسەر لاپەڕە ئەوەیە بابەتی ڕۆژنامە لە کوێی لاپەڕەدا دادەنرێت؟ لای ڕاستی بەشی سەرەوە، لای چەپی بەشی سەرەوە، لای ڕاست و چەپی بەشی خوارەوە، یان بەشی سەرەوە بەپانتایی ستوونەکان یان هەموو لاپەڕەکە. ئەمە ئەو شوێنانەیە کەدیزاینەر بە پێی گرنگیی بابەتەکان لەو شوێنانەدا جێگان بۆ دەکاتەوە و نەخشەسازیی بۆ دەکات، بۆنموونە بە پێی سروشتی خوێندنەوەی ئێمە کەلە ڕاستەوە بۆ چەپە لای ڕاستی بەشی سەرەوە هەمیشە گرنگترین بابەتەکانی لێ دادەنرێت و هەوڵ دەدرێت لەڕێی ناونیشانی گەورە و ڕەنگ و وێنەوە دەرخستنی بۆ بکرێت، بە سروشتیش خوێنەر دەزانێت هەر بابەتێك کەوتە بەشی سەرەوە یان لای ڕاستی سەرەوەی لاپەڕە ئەوە گرنگترین بابەتەکانی ئەو ڕۆژەن.
هەر لەبەر ئەمەیە ڕۆژنامەکان زۆر بابەخ بە گۆشەکان یان ئەو شوێنانە لەسەر لاپەڕە دەدەن و هەوڵ دەدەن بابەتەکانی تیادا دەربخەن.

**2 ـ ڕەنگ:** بەدەر لەوەی ڕەنگ ئەرکێکی سایکۆلۆجی هەیە بۆ خوێنەر وهەر ڕەنگێك ئاماژەی خۆی هەیە، لەهەمان کاتیشدا دەکرێت ڕەنگ وەك ڕەگەزێکی کارای دەرخستن سوودی لێ وەربگیرێت. ئەمەش لە بەکارهێنانی ڕەنگ بۆ نووسنی ناونیشانەکان دەست پێدەکات بەجۆرێك زۆربەی کات ڕەنگی ڕەشی تۆخ بەکار دێت هەندێك جاری تریش ڕەنگی سووری بۆ بەکار دێت، هەندێك جاریش بەشێك لە ناونیشان رەنگەکەی تۆخ دەکرێت بە مەبەستی زیاتر دەرخستن. لەلایەکی تریشەوە هەر بۆ مەبەستی دەرخستن زۆر جار باکگراوندی ڕەنگدار و هێڵی سوور و چوارچێوەی ڕەنگدار بۆ جیاکردنەوە و دەرخستنی بابەتەکان بەکار دێت، ئەوە سەرباری خستنە ڕووی وێنەی رەنگاوڕەنگ.

**3 ـ پیت و ناونیشان:** هەڵبژاردنی پیت بۆ نووسینی ناونیشانەکان خاڵێکی گرنگە و هەر ڕۆژنامەیەك هەوڵی ئەوە ئەدات فۆنتێکی تایبەت بەخۆی بۆ ناویشان و مانشێتەکانی هەڵبژێریت و ڕۆژانە بیانخاتە بەر دیدی خوێنەرەکانی، ئەوەی پەیوەندیی بە دەرخستنەوە هەبێت لە ناونیشانەکاندا ، بریتیە لە گەورە نووسینی ناونیشانەکان واتە ناونیشان بە پانتایی ئەو ستوونەیە کە دەیگرێتەوە دەنووسرێت یان قەبارەی پیتەکانی بەشێك لە ناونیشانەکە گەورەتر بکرێت، یان بەشێکی ناونیشان بخرێتە کەوانەیەکەوە یات بەشێکی ناونیشان بخرێتە سەر باکگراوندێکی شەبەك، یان جیا لەڕەنگی رەش کەباوە بۆ نووسینی ناونیشانەکان بەڕەنگی سوور بنوسرێت. ئەمانە ئەو ڕێگایانەن کە دەکرێت بەهۆیانەوە و لەرێگەی ناونیشانەوە بابەتەکان دەربخرێن.

**4 ـ هێڵ و چوارچێوە و کەوانەکان و گەورەکردن:** زۆرجار لەپێناو باشتر دەرخستنی بابەت دەکرێت هێڵێك لەتەنیشتی دابنرێت یان بابەتەکە بخرێتە ناو چوارچێوەیەکەوە بەتایبەتی ئەو بابەتانەی کە دەکەونە بەشی خوراوەی لای چەپ بۆ ئەوەی لەلایەن خوێنەرەوە پشتگوێ و پەراوێز نەخرێت. زۆرجار بۆ دەرخستنی بابەتێک خراوەتە ناو چوارچێوەوە، بەمەش سەرنجی خوێنەر دەکەوێتە سەری وگەر هەموو بابەتەکەشی نەخوێنێتەوە بەتاماشایەکی خێرا ناونیشانەکەی دەخوێنێتەوە.
لەهەمان کاتیشدا بەکارهێنانی کەوانە بەتایبەتی لە ناونیشانەکاندا ڕۆڵ دەگێڕێت بۆ دەرخستنی بەشێکی ناونیشانەکە، بۆنموونە لەوانەیە لە ناونیشانێکدا کات یان شوێن یان ژمارە یان وەسف مەبەستبێت دەربخرێت بۆ ئەو مەبەستە ئەو بەشە دەخرێتە کەوانەوە یان هەندێجار لەجیاتی کەوانە ئەو بەشانەی کە ئاماژەمان پێدان گەورەدەکرێن و بەو هۆیەوە باشتر دەردەخرێن. ڕادەی گرنگیەکەی لای خوێنەر دەردەکەوێت کەئەوە مەبەستەکەیە.

**5 ـ شەبەك و باکگراوند:** شەبەك و باکگراوند ئەو ڕەگەزەی دەرخستن دەتوانرێت بۆ ناونیشان بەکاربێت واتە ناونیشان یان بەشێکی ناونیشان لە پارچەکی شەبەکدا بنووسرێت یان لەسەر باکگراوندێکی سوور یان هەر ڕەنگێکی تر کە هەڵدەبژێردرێت تۆمار دەکرێت زۆرجاریش هەر بۆ زیاتر دەرخستن پانتایی ستونەکانی بابەتەکەش دەخرێنە سەر باکگراوندێکی ڕەنگدار.

**6 ـ وێنە:** دانانی وێنە لەگەڵ بابەتەکاندا خاڵێکی گرنگی دەرخستنێتی و هۆکاری سەرنجراکێشانی خوێنەرە،چونکە(وێنە یەکێکە لەڕەگەزە تایپۆکرافیە گرنگەکان و لەگەڵ ڕەگەزە تایپۆگرافیەکانی تردا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە بونیادی لاپەڕەدا)( الصاوی،؟،167) هەر بۆیە بەردەوام نابینیت بابەتێك وێنەی لەگەڵدا نەبێت، ئەوەی کە ڕۆڵ دەگێڕێت لە دەرخستنی بابەتەکاندا لە ڕێی وێنەو شێوەی وێنەکانەوە واتا لاکێشەیە یان شێوەکانی ترە کە لاکێشەیی باشترینیانە یان جۆری وێنەکان و شوێنی دانانی وێنەکان لەگەڵ بابەتەکاندا ، بۆ نموونە وێنەکە لەژێر ناونیشانە یان لەسەر ناونیشانە یان لەتەنیشتیی ناونیشانی وبابەتە.
قەبارەی وێنەش رۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە دەرخستنی بابەتەکاندا ئایە وێنەکە بچووکە یان مامناوەندە یان گەورەیە؟. بەشێوەیەکی گشتی ئەو وێنانەی کە لە لاپەڕەی یەکەمدا بڵاودەکرێنەوە زیاتر وێنەی گەورەن ، واتا بەپانتایی 3 ستوون زیاتر ئینجا وێنەی مامناوەند دێت و دواتریش وێنەی بچووك.

## بەشی سێیەم

## دیزاینی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی خەبات

### یەکەم: دیزاین و پێکهاتەکانی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکە

قەبارەی ڕۆژنامەی خەبات نەوەکو ڕۆژنامەیەکی ستاندەرە نەوەکو تابلۆیدە، دەوتوانین بڵێین کەمێك لە ڕۆژنامەی تابلۆید گەورەترە تێکرای ژمارەی ستوونەکانی لە نێوان (4،5،6)ستوندایە لەکاتێکدا ڕۆژنامەی تابلۆید (5) ستونە، بەشێوەیەکی گشتی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکە بە ڕەنگاورەنگی دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران.
لەلاپەڕەی یەکەمدا وەك هەر ڕۆژنامەیەکی تر ناوی ڕۆژنامەکە بە فۆنتێکی جیاواز لە فۆنتی ناواخنی بابەتەکان و سەردێڕەکان لە گوێچککەی لای ڕاستی بەشی سەرەوەی لاپەڕەی یەکەم دانراوە،گوێچکە لای چەپیش هەمیشە تەرخانە بۆ ئەو هەواڵانەی کەبەلای ڕۆژنامەکەوە زۆر گرنگن.
لەم ڕۆژنامەیەدا وەك پیشوو گەردن ڕۆڵی نیەو هیچ جێگەیەکی بۆ نەکراوەتەوە کەتایبەتە بە زانیاریەکانی ڕۆژنامەکە، بەڵکو لەژێر ناوی ڕۆژنامەکەدا بەدوو بەش ئەم پێناسەیەی خۆی کردووە لە بەشێکیاندا پێناسەی ڕۆژنامەکە دەکرێت کە ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە لە بەشەکی تریشدا ژمارەی ئەو ڕۆژە و ڕێکەوتەکەی تۆمار کراوە .
دروشم کە خاڵێکی گرنگە بۆ هەر ڕۆژنامەیەك و دەبێت گونجاوییەکی تەواوی لەگەڵ ناوی ڕۆژنامەکەدا هەبێت جا ئەو دروشمە وشەیی بێت یان وێنەیی . لەڕۆژنامەی خەباتدا دروشمەکەی هەم وێنەییە کە ئاڵای کوردستان بەشێوەی ڕێگایەك لە پشت ناوەکەوە هاتۆتە خوارەوە و لەسەری نوسراوە: (تا ژیان بەردەوام بێت خەبات بەردەوامە)، بەهەردوو لا واتە وێنەکە و وتەکە یەکتری تەواو دەکەن و لەگەڵ ناوی ڕۆژنامەکە یەك دەگرنەوە کە (خەبات)ە، چونکە ژیان و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە خولیاو خەونەکان بەبێ خەبات و ماندوو بون مەحاڵە.

### دووەم / دیزاینی گشتی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی خەبات

لێرەدا مەبەستمان لە لە دیزاینی گشتی لاپەڕەی یەکەم ئەوەیە بزانین دیزاینەرانی ڕۆژنامەکە چ قوتابخانەیەکیان هەڵبژاردووە بۆ نەخشەسازی لاپەڕەی یەکەم؟ لەناو قوتابخانەکاندا کام ڕێباز رەنگی داوەتەوە؟
لەژمارەی ئەو سێ مانگەی کەوەرمان گرتووە گەیشتوینەتە ڕاستیەکە کەنەدەبوو وابێت، ئەویش ئەوەیە قوتابخانە و ڕێبازێکی جێگیر بەدیزاینی لاپەڕەی یەکەوە دیارنییە، تەنانەت جاری وایە زۆر قورس دەبێت بزانیت ئەمە لەکام قوتابخانە و ڕێبازی نەخشەسازییە. لە تاماشاکردنی یەکەمدا کاتێك ناوی ڕۆژنامەکە دەبینیت کەوتۆتەبەشی سەرەوەی لای ڕاست ئەمە ئەتبات بۆ ئەوەی بڵێیت

دەیەوێت لە قوتابخانەی کلاسیك و میانڕەودا دیزاینی لاپەڕەکە بکات، چونکە بەپێی ئەو قوتابخانەیە ناوی ڕۆژنامەکە دەکەوێتە بەشی سەرەوەی لای ڕاست و هەندێك جاریش دەگونجێت بکەوێتە ناوەڕاستی بەشی سەرەوە لەنێوان هەردوو گوێچکەکەدا.

بەو پێیە بێت کەناوی ڕۆژنامە بکەوێتە بەشی هەرەسەرەوەی لاپەڕەکە کەواتە نابێت هیچ شتێك لەسەرووی ناوی ڕۆژنامەدا بڵاوبکرێتەوە، چونکە بە پێی ئەو قوتابخانانە ناوی ڕۆژنامە وەك ئاڵا وایە و پیرۆزە بۆیە کەوتۆتە بەشی سەرەوە و نابێت لەسەرەوەی هیچ بڵاو بکرێتەوە. بەڵام ئێمە لەو ژمارانەی وەرمانگرتوون پێچەوانەی ئەمە دەبینین و لەسەرو ناوی ڕۆژنامە سەردێڕ یان هەندێك جار بابەت دانراوە.

دواتر کەدێینە خوارەوە بۆ بەشەکانی تری لاپەڕەکە شتێکی جیاواز دەبینین، لەو ژمارانەی کە کەوتونەتە ناو توێژینەکەی ئێمە تێکەڵ و پێکەڵیەکی زۆر هەیە کە نەدەبوو وابێت هەندێك جار دیزاینی لاپەڕەکە دەناسیتەوە و هەستدەکەیت  بەپێی ڕێبازی هاوسەنگی ورد نەخشەسازی بۆ لاپەڕەکە کردووە وێنە بەامبەر وێنە ناونیشان بەرامبەر ناونیشان لە هەردوو لای ڕاست و چەپ، یان هاوسنگی تەنها لەبەشی سەرەوەی لاپەڕەکە کەدواتر بە نمونەوەی لاپەرەکەوە لێی دەدوێین ئەمەش واتە بڵاوکردنەی بابەتێك لە بەشی سەرەوەی لاپەڕە بە سەردێڕو وێنەی گەورەو کرۆکی بابەتەکەی.

لەهەندێك ژمارەی تردا خۆی دەخزێنیتە ناو قوتابخانەی میانڕەو بەتایبەتی ڕێبازی چوار بەشی ، ئەمەش بەوەدا دەردەکەوێت کە لاپەڕەکەی دابەشی سەر چوار بەش کردووە( بەشی سەرەوە(ناوی ڕۆژنامەکە) بەشی سەرەوە سنگی ڕۆژنامەکە، بەشی ناوەراست، بەشی خوارەوە). لەهەندیك ژمارەشدا زۆر گرانە بزانیت ڕێبازی دیزانی لاپەرەکەی چییە؟

شتێك کە مایەی سەرنج ڕاکێشیی و وەك خاڵێکی ئیجابی بۆ نەخشەسازی ڕۆژنامەکە هەژمار دەکرێت، ئەویش دیزاین کردنی لاپەڕەی جێگرەوە لاپەڕەی یەکەمە ئەمە لە دوو ژمارەدا  بەڕوونی دەردەکەوێت. مەبەست لە لاپەڕەی جێگرەوە ئەوەیە کە لاپەڕەی یەکەمی ئەو ڕۆژە سەراپا بۆ یەك بابەت بە ناونیشان وێنەو تەرخان بکرێت و شتیی تری تیادا بڵاو نەکرێتەوە دواتر لاپەڕەیەکی ناوەوە بۆنموونە لاپەرە سێ جێگەی لاپەڕەی یەکەم دەگرێتەوەو بەهەمان نەفەسی دیزیانی لاپەڕەی یەکەم نەخشەسازی بۆ دەکرێت ئەمەش لە دیزیانی نوێدا بە لاپەڕەی یەکەمی دووەم یان لاپەرەی بەدیلی یەکەم ناو دەبرێت.

## سییەم/ دیزانیی ڕەگەزەکانی تاپیۆگرافیا و دەرخستنی بابەتەکان

### پیت و ناونیشان

بەکارهێنانی پیتەکان بۆ نووسینی کرۆکی بابەتەکان بەقەبارەیەکی گونجاو نوسراوە و بۆ خوێندنەوە کێشە دروست ناکات، ئەوەی زیاتر مەبەستەکەی ئێمە دەپێکێت ناونیشانەکانە، چونکە دیزاینی ناونیشانەکان ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە لە دەرخستنی بابەتەکاندا.

لەو ژمارانەی کەوەرمانگرتووە دیزاینی ناونیشانەکان بەچەند شێوەیەك هەوڵی دەرخستنیان دراوە تا سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

1ـ نووسینی ناونیشانەکان بەهەدردوو ڕەنگی ڕەش و سوور، واتە جگە لەڕەنگە باوەکە کە ڕەنگی ڕەشە سەرتاپای ناونیشانەکە ڕەنگی سووری بۆ بەکارهێنراوە ئەمەش لەکۆی گشتیدا دەبێتە خاڵێکی باشی دەرخستنی ناونیشانەکە.

2 ـ نووسینی ناونیشانەکان بە فۆنتێکی گەورەو دیار .

3ـ دانانی ناونیشانەکان لە باکگراوندێکی ڕەنگ جیاوازدا، بەجۆرێك هەندێك جار ڕەساسی و ڕەش و سوور و زەرد، بەمەش کۆی ناونیشانەکە دیارخراوە.

4ـ چەند شێوەیەکی جیاوازی دیزاینی ناونیشانەکان بەرچاو دەکەون، وەك هەڕەمی ئاسایی وهەڵگەراوە ، تاك، هەڵواسراو کەدیزاین کردنی ناونیشانەکان بەو جۆرە یارمەتی دەرێکی باش دەبێت لە دەرخستنی بابەتەکە و سەرنج ڕاکیشیدا.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لە دیزاینی ناونیشانەکاندا چەند شتێك نەکراوە کە پێویست بوو بکرایە بۆ دەرخستنی زیاتری ئەوەی دەویسترێت دەربخرێت، بۆنمونە لە داڕشتنی ناونیشانەکاندا چەند خاڵێك گرنگن کە دەربخرێن وەك (کات، شوێن، ژمارە، ڕێکەوت، وەسف،..هتد) بەڵام لەو ژمارانەی کەبەر ئەم توێژینەوەیە کەوتوون ئەمە بەدی ناکرێت و نابیینت لە ناونیشانێکدا شتێکی لەو بابەتە خرابێتە (کەوانەوە) یان( بۆڵد) کاربێت یان( تەنها ئەوبەشە) گەورە کرابێت یان (خرابێتە باکگراوندێك) یان (شەبەکێك) یان بە(ڕەنگیکی) جیاواز نووسرابێت.

### وێنەکان

ئەو وینانەی کەلە لاپەڕەی یەکەمدا بڵاوکراونەتەوەو دیزاینیان بۆ کراوە وەکو قەبارە (گەورە و مامناوەند و بچوك)ی تایادایە تاڕادەیەکی زۆر ئەو وێنانەی کە مامناوەند و لەسەر پانتایی دوو ستوون زیاترن ژمارەیان زۆرترە، بەحوکمی ئەوەی ژمارەی ستوونەکان سنووردارن لە نێوان (4 بۆ 6) ستوون بۆیە وێنە مامناوەندەکان بەجۆرێك دیزاینکراون کە بەرزیەکەیان زیاتربێت و وەك وێنەیەکی گەورە دەربکەون ئەمەش کارێکی باشی کردۆتە سەر دەرخستنی بابەتەکەی. وەکو شێوەیش شێوەیە لاکێشەیین" کە شێوەیکی پەسەند کراوی وێنەیە و وێنەکان باشتر دەرکەوتوون.

ئەوەی پەیوەندی بە شوێنی دانانی وێنەکانیشەوە هەبێت بەزۆری کەوتۆتە ژێر ناونیشان و یان لە تەنیشت بابەتەکەیە ئەمەش دیزانیکی دروستە بۆ دەرکەوتنی وێنەو بابەتەکەی.

### ڕەنگ

لە دیزاینی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکەدا بەچەند جۆرێك ڕەنگ بەکار هاتووە، وەك: بەکارهێنانی ڕەنگ بۆ نووسینی ناونیشان و بەزۆری ڕەنگی رەش و رەنگی سوور و هەندێك جاریش بە پێی باکگراوەندەکەی ڕەنگی سپی بەکار هاتووە. هەروەها ڕەنگ بۆ باکگراواندیش بەکار هاتووە چ بۆ بابەت وەك ڕەنگی پەمەیی ،شینی کاڵ، تبنی ، هەروەها بۆ ناونیشانەکانیش وەك رەنگەکانی رەساسی ، رەش ، زەرد، سوور.

### ڕاستەهێڵ و چوارچێوە

دەتوانین بڵێین تا رادەیەك ڕاستەهێڵ لەهەردوو باری ستوونی ئاسۆیدا بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە چەند جارێکی کەم نەبێت کە بەکارهاتووە ئیتر دووبارەبونەوەی زۆر نییە، بەڵام چوارچێوە وەك ڕەگەزێکی تاپیۆگۆافی بەکارهێنانی زۆرە و بۆتە خاڵی گرنگی دەرخستنی بابەتەکان، بەکارهێنانی چوارچێوە بەجۆرێکە نەك تەنها بۆ ئەو بابەتانە بەکارهێنراون کەکەوتونەتە بەشی خوارەوە یان کەوتونەتە گۆشەی چەپی لای خوارەوە بەڵکو هەندێك جار بۆ ئەوبابەتەناش بەکارهێنراون کە کەوتونەتە لای ڕاستی بەشی سەرەوە و ویستراوە لە ڕێی چوارچێوەوە زیاتر دەربخرێت و بایەخێکی زیاتری پێبدرێت.

### شوێنی بابەت یان شوێن لەسەر لاپەڕە

خۆێنەر هەمیشە هەست بەگرنگی ئەوبابەتەدەکات کەکەوتونەتە بەشی سەرەوەی لاپەرە. لەو ڕووەوە ڕۆژنامەکە لە گرنگی و بایەخی شوێن بۆ دیزاینی بابەتەکان تێگەوشتووە و بە پێی سایەتی ڕۆژنامەکەش کە ئۆرگانێکی حزبیە هەمیشە ڕەچاوی ئەوەکراوە بەشی سەرەوە بەجۆرێك دیزاین بکات کەتەرخان بێت بۆ ئەو هەواڵانەی تایبەتن بە سەرۆکی حزبکە هەندێك جار دیزاینی ئەو هەواڵانە بەجۆرێکە خراوتە گوێچکە چەپ و تا ئاستی گۆشەی ڕاستی بەشی سەرەوە هاتووە یان کەوتۆتە گۆشەی لای ڕاستی بەشی سەرەوە.

هەندێك جاری تر هەردوولای ڕاست و چەپی بەشی سەرەوە تەرخان کراوە بۆ هەواڵی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت.

دەتوانین بڵێن وێڕای تێبینمان لەسەر نەخشەسازیی لاپەرەی یەکەمی ڕۆژنامەکە کە زۆرجار قوتابخانە دیزاینەکەی دیار نییە، بەڵام بەپێی سیاسەتی گشتی رۆژنامەکە سوودی لە شوێن لەسەر لاپەڕەکە وەرگرتووە و توانیویەتی دابەشکاریەکی گونجاو بکات بۆ بابەتکان بە گرنگترین و گرنگتر و گرنگ و ئاسایی.

## چوارەم/ شیکردنەوەی چەند نمونەیەك لە ڕۆژنامەی خەبات

### یەکەم/ لەڕووی دیزاینەوە

ئەوەی پەیوەندی بەلایەنی خاڵە چەسپاوەکانی دیزاینی لاپەڕەی یەکەمەوە هەیە لە لەبەشی سەرەوەی لاپەرە(ناوی رۆژنامە دروشم ، قەبارە، ڕەنگ، شوێنەکەی) هەروەها ژمارەی ستوونەکان، دەبێت جیگیرین بەڵام لەو ژمارانەی ئێمە وەرمان گرتوون ئەمە بەدیی ناکەین، بەڵکوو تێبینی دەکەین شوێنی ناوی ڕۆژنامەکە گۆڕدراوە، بەڵام لەڕووی قەبارە و رەنگەوە و فۆنەتەوە وەك خۆیەتی، لەهەمان کاتیشدا لەڕووی ژمارەی ستوونەکانەوە جێگیر نییە لەسەر ژمارەیەك بەڵکو لەنێوان (4،5،6)ستووندا دەسوڕێتەوە کە ئەمەش باشتر بوو جێگیر بوایە.

لەڕووی قوتابخانەکانی دیزاینیشەوە لەم ژمارانەدا(6324، 6349، 6319، 6359، 6321، 6353، 6342 کەدەبنە سامپڵێکی سەرجەم ژمارەکانی هەر سێ مانگەکەی کەوەرمان گرتووە جێگیریەك بە دیزانی گشتی و پەیرەوکردنی قوتابخانەکانی دیزاینەوە نابینرێت.

له ژماره (6324)كەلە(2022/5/17) دەرچووە، كاتێك تەماشای دەكەیت لە بەشی سەرەوەی لاپەڕەكەدا ناونیشان بەرامبەر ناویشان و وێنە بەرامبەر وێنە دانراوە ئەمە بەپێی قوتابخانەی دیزاینەكەی بێت دەچێتە خانەی (ڕێبازی هاوسەنگی ورد لە قوتابخانەی كلاسیكی)، بەڵام لەم ڕێبازەدا كاتێك پەیڕەودەكرێت ناوی ڕۆژنامەكە دەكەوێتە سەرەوەی لاپەڕەو نابێت هیچ شتێكی لەسەروو دابنرێت، بەڵام لێرەدا بەپێچەوانەی ئەمە دەبینین لەسەرو ناوی ڕۆژنامەكە مانشێت هەیە كەئەمە بۆخۆی لادانە لە بنەمای گشتی قوتابخانەكە.


فازڵ میرانی: بەرژەوەندیی کورد لەسەروو هەموو بەرژەوەندییەکان دایە

ژ:6324 لە:2022/5/17

هەمان شت لە ژمارە(6319)كەلە(2022/5/9)دا دەرچووە تێبینی ئەوە دەكەین بابەت بە نووسین و ناونیشان و وێنەی گەورەوە كەوتۆتە سەروی ناوی ڕۆژنامەكە بەم هەنگاوە ڕۆژنامەكە ویستویەتی لە(قوتابخانەی نوێ) نزیك ببێتەوە كە سیمای سەرەكەی بڵاوكردنەوەی وێنەی گەورەیە ، بەڵام دووبارە سەركەوتوو نەبووە، چونكە لەولاپەڕەیەدا تەنها (4) بابەتی لەخۆ گرتووە لەكاتێكدا دیزاینی لاپەڕەی یەكەم بەپێی قوتابخانەی نوێ كە متمانەی لەسەر ناونیشانی گەورە و وێنەی گەورە و ڕەنگی زەق و زۆرترین بڕی هەواڵ و ناونیشان و وێنەیە لێرەدا ڕەنگی نەداوەتەوە، ئەوەی دەبینرێت هەوڵێكە لە ڕێی ڕەنگ و قەبارەی ناویشان و دوو وێنەی گەورەو ماماوەندەوە بابەتەكان دەربخرێن و ناتوانین بڵێین بەتەواوی سەر بەقوتابخانەی نوێیە.


جەخت لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتی خۆیدا دەکەنەوە
بۆ مانەوەی پەککەکە لە شنگال لایەنی ئیقلیمی فشار لە بەغدا دەکەن

ژ:6319 لە: 2022/5/9

لەژمارە (6349)دا كەلە (2022/6/29) دەرچووە زۆر بەڕوونی دیزاینی لاپەڕەكە دەناسینەوە كە چۆتە ناو (قوتابخانەی میانڕەو) و جیبەجێكردنی بیرۆكەی (ڕێبازی چواربەشی) واتە دابەشكردنی لاپەڕە بۆ چواربەش لەسەرەوە بۆ خوارەوە، هەرچەندە واباشترە دابەشكاریەكە بۆ چوار بەش پانتاییەكەیان بەئەندازەی یەكتر بێت تاڵەكاتی خوێندنەوەدا خوێنەر بەئاسانی بتوانێت ڕۆژنامەكە لوول بكات و ئەو بەشە بخوێنێتەوە كەخۆی مەبەستێتی.


جەنەراڵ جۆن برێنان: ئەمەریکا لە پشتگیری و یارمەتیدانی پێشمەرگە بەردەوام دەبێت بۆ ئەوەی بکرێتە هێزێکی نیشتمانی

ژ: (6349) لە (2022/6/29)

لەژمارە (6359) كەلە (2022/7/25) دەرچووە، لەم ژمارەیەدا دیسان دیزاینی ڕۆژنامە گەڕاوەتەوە بۆ ناو (قوتابخانەی كلاسیك و ڕێبازی هاوسەنگی لەبەشی سەرەوە) ئەمەش بەوەدێت كە بەپانتایی سنگی لاپەڕەكە ناونیشانێكی گەورەو وێنەیەكی گەورە دابنرێت وەك دەبینرێت، بەڵام دووبارە لەسەر ناوی ڕۆژنامە ناونیشان هەیە كەدووبارە ئەمەش لادانە لە بنەمانی قوتابخانەكە.


بارەگای بارزانی: بە هەموو توانایەکمان پشتگیری خوشک و برا کاکەییەکانمانین
ئەمەریکا چاودێریی گفتوگۆکانی ئەمجارەی هەولێر و بەغدا دەکات

لەژمارە(6321) كەلە (2022/5/11) دەرچووە، ڕۆژنامە دووبارە هەوڵی داوە خۆی بخزێنێتەوە ناو قوتابخانەی نوێ ، ئەمجارەیان لەڕووی ژمارەی بابەتەوە كە(6) بابەت بە ناونیشان و وێنە و بەكارهێنانی ڕەنگ و باكگراوەندەوە تارادەیەكی زۆر لە(قوتابخانەی نوێ) نزیك بۆتەوە بەڵام لەوەدا هەڵەی كردووە كە لەسەرو ناوی ڕۆژنامەكە هیچ بابەت نییە كەدەبوو هەبێت.


ئێوه له دواکەوتنی مووچه بەرپرسن و پارتی خەتابار مەکەن

ژینگه پارێزان داوای مووچه دزراوەکانیان له یەکێتی دەکەن

له ژماره(6342) کەله(2022/6/19)دا دەرچووه لەڕووی دیزاینەوه هەنگاوێکی گەورەی ناوه ئەویش دیزانی (لاپەڕەی جێگرەوەیه) لەو ژمارەیەو له ژماره(6342)له (2022/7/31) هەمان شت پەیڕەوکراوه ئەمەش بەوه بووه که لاپەڕەی یەکەم بەتەنها تەرخانکراوه بۆ یەك بابەت وێنەیەکی گەوره لاپەڕەکەی گرتۆتەوه، لەجیاتی ئەوه هاتووه لەلاپەڕەی چوارەم بابەتەکانی لاپەڕەی یەکەمی داناوه و ویستویەتی بەشێوەی هاوسەنگی ورد لای ڕاست و چەپ وێنه بەرامبەر وێنەو ناونیشان بەرامبەر ناونیشان، بەڵام دووباره لەسەروی ئەمه بابەت هەیه و ئەمەش کارەکەی تێکداوه.




شەڕ خراپترین شته و نابێت بیری لێ بکرێتەوه
بەڵام له شەڕ خراپتر تەسلیم بوونه و ئێمەش تەسلیم نابین

له ژماره(6353) کەله(2022/7/6) دەرچووه،دووباره گەڕاوەتەوه بۆ قوتابخانەی کلاسیك و ڕێبازی هاوسەنگی ورد، بەڵام دیسان لەسەرو ناوی ڕۆژنامه ناونیشان هەیه وەك وتمان به پێی ئەو قوتابخانەیه نابێت لەسەو ناوی ڕۆژنامه بابەت هەبێت.


کونسوڵی ئەمەریکا له هەولێر: له ماوەی 30 ساڵی ڕابردوودا، هەرێمی کوردستان ڕێگەیەکی درێژی بڕیوه و زۆر شت هەیه که شانازیی پێوه بکەن

حکوومەت بەڵێندەران بەکار دەخاتەوه و ڕۆژانەش پێنج پرۆژه ڕادەگەیەندرێت

پوختەی قسه ئەوەیه جێگیریەك به دیزاینی لاپەڕەی یەکەمەوه دیار نییه، قوتابخانەو ڕێبازێك نەبۆته بەشێك له کسێتی دیزاینی ڕۆژنامەکه، بەڵکو ئەوەی تێبینی دەکرێت بەشێکی پەیوەندی به سەلیقەو کاری پراکتیکی دیزانەرانی ڕۆژنامەکەوه هەیەو بەشێکیشی پەیوەندی به نائاشنایەتی هەیه به قوتابخانەکانی دیزاین، بەشێکی تریشی پەیوەندی به سیاسەتی ڕۆژنامەکەوه هەیەو هەندێك جار دیزاین دەچێته خزمەتی سیاسەتی ڕۆژنامەکه ، بەڵام گەر دیزاینەر وریا و لێهاتوو بێت دەتوانێت بەپێی یەکێك لەو قوتابخانانه دیزاینی لاپەڕەی یەکەم بکات و لەهەمان کاتیشدا له سیاسەتی ڕۆژنامەکەش لانەدات.

## دووەم/ چۆنییەتی دەرخستنی بابەتەکان

بەشێوەیەکی گشتی لەکۆی ژمارەکان و ئەم (8) ژمارەیە:(6318، 6348، 6352، 6361، 6326، 6333، 6335، 6338، 6355) لەڕێی ڕەگەزەتایپۆگرافییەکانەوه هەوڵی دەرخستنی بابەتەکان دراوه، ناونیشانەکان بەقەبارەی گەورەو دیار و بەهەردوو ڕەنگی ڕەش و سوور نووسراون و بەمەش هەوڵدراوه لەڕێی ڕەنگەوه بابەتەکه دەربخرێت، هەروەها لەڕێی وێنەکانەوه بەوێنەی گەوره و وێنەی مام مناوەند هەوڵی دەرخستنی بابەتەکان دراوه.

بەکارهێنانی پانتایی ڕەنگ ڕەساسی یان پەمەیی یان زەرد یان یان سوور یان سەوزی سەربازی بۆ بابەت و سەردێرەکان هەنگاوێکه بۆ دەرخستنی بابەت و سەردێرەکان. بەکارهێنانی چوارچێوه و هێڵ بەتایبەتی چوارچێوه زۆر متمانەی کراوەته سەر بۆدەرخستنی بابەتەکان بەوجۆرێك بۆ ئەو بابەتانەش بەکارهێنراون کەکەوتونەته بەشی سەرەوەی لاپەڕە، کەمەش ئاماژەی ئەوه بەخوێنەر ئەدات ئەم بابەته بەلای ڕۆژنامەکەوه گرنگەو شایەنی خوێندنەوەیه و بۆ خراوەته چوارچێوه و دەرخراوه.




سەبارەت بەهەڵبژاردنی شوێنیش بەگوێرەی گرنگی بابەتەکە هەمیشە هەواڵە گرنگەکانی بەلای ڕۆژنامەکەوە خراوەنەتە بەشی سەرەوە لای ڕاست یان لەگوێچکەی چەپەوە بۆ خوارەوە، ئەمەش وای کراوە باشتر ئەو بابەتە دەربکەوێت.

ئەمانەی ڕابوردن هەنگاوی باشی بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی تایپۆگرافیان بۆ دەرخستنی بابەتاکان کە لەڕووی زیزاینەوە باش مامەڵەیان لەگەڵکراوە بۆ دەرخستنی بابەتەکان، بەڵام خاڵێکی گرنگ هەیە کە لەڕووی دیزاینەوە فەرامۆش کراوە ئەویش دەرخستنی خاڵەگرنگەکانە بەتایبەتی لەناونیشانەکاندا، واتە لەناو ناونیشانەکاندا بەشێکی زۆر مەبەستدارە و شایەنی ئەوەیە دەربخرێت لەڕێگەی ( کەوانە ، تۆخ کردن، گەورەکردن، خستە ناو شەبەك )کە ڕۆژنامەکە لەو ژمارانەی ئەو سێ مانگە هیچ یەك لەمانەی بەکارنەهێناوە بۆ دەرخستنی بابەتەکان کە گەر بەوری ناونیشانەکان بخوێنیەوە تێبینی ئەوەدەکەین برگەی وای تیادایە شایەنی ئەوە بێت یەکێك لەو ڕەگەزانەی بۆ بەکار بهێنرێت تا بەباشی ئەوەبەشە دەربخرێت و سەرنجی خوینەر ڕاکێشێت.




## دەرئەنجام

لەکۆتایی ئەم تویژینەوەیەدا بەم چەند دەرئەنجامانە گەیشتین

1- لاپەڕەی یەکەم گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لەبەرئەوەی دەروازەی ڕۆژنامەو لاپەڕەکانی ناوەوەیە بۆیە دەبێت لەڕووی دیزاینەوە بابەخی تایبەتی پێبدرێت و بزانرێت چۆن ڕەگەزەکانی تایپۆگرافیای تیادا ڕێك دەخرێت لەپێناو بەدیهانیانی ئامانجی سەرەکی کەدەرخستنی بابەتەکانە.

2- گرتنەبەری یەکێك لە ڕێبازەکانی قوتابخانەی دیزاین یان ڕێبازەکانی قوتابخانەیەك خاڵێکی گرنگە بۆ دیزاینی لاپەڕەی یەکەمی هەر ڕۆژنامەیەك، چونکە دەبێتە بەشێك لە کەسێتی ڕۆژنامەکە و بەگونجاوی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەگەزە تایپۆگرافیەکاندا.

3- لەژمارەکانی ئەو سێ مانگەی ڕۆژنامەی خەبات قوتابخانەیەکی جێگیر یان یەکێك لە ڕێبازی قوتابخانەکان بەبەردەوامی نادۆزرێتەوە ، جاری وایە زۆر قورسە بزانیت ئەم لاپەڕەیە بەپێی چ قوتابخانەیەك دیزاین کراوە.

4- لەستوونبەندی لاپەڕەی یەکەمدا لەوماوەیەدا لەنێوان (4،5،6) ستووندایە کەمە واباشتر بوو جێگیربوایە.

5- وێرای ئەوەی ڕۆژنامەکە هەوڵی داوە ناونیشانەکان لە ڕێی فۆنتی گەورە و ڕەنگی سوورەو باکگراوندەوە دەربخات، بەڵام نەیتوانیوە برگە گرنگاکانی ناوی(کات وشوێن و ژمارە و ڕێکەوت ...هتد) بەباشی دەربخات چ لەڕێی کەوانەیان تۆخکردنەوە یانگەورەکردنەوە یان شەبەکەوەوە کەئەوە باشتر سەنجی خوێنەر رادەکێشێت.

6- مامەڵەکردنی دیزاینی لاپەڕەکە لە ڕووی ڕەنگەوە کیشەی نیەو توانیویەتی گونجاوی لە نیوان ڕەنگەکان و لەجێی خۆیدا بەکاربهێنێت.

7- ڕۆژنامەکە لەلاپەڕەی یەکەمدا بۆ دەرخستنی بابەتەکان زیاتر وێنەی مامناوەندی داناوە بەڵام بۆ ئەوەی باشتر و گەورە دەربکەوێت بەرزیەکەی زیادکردووە.

8- ڕاستەهێڵ زۆر کەم سوودی لێوەرگیراوە بۆ جیاکردنەوە و تێکەڵ نەبوونی بابەتەکان، بەڵام زیاتر چوارچێوە بەکارهاتووەو هەوڵ دراوە ئەو بابەتانەی دەکەونە بەشی خوارەوە بۆئەوەی سەرنج ڕاکێش بن و نەکونە پەراوێزەوە دەربخرێن بخرێنە چوارچێوەوە.

9- مامەڵەکردنی لەگەڵ شوێن لەسەر لاپەڕە بۆ دەرخستنی بابەتەکان بەپێی سیاسەتی ڕۆژنامەکە لەبەشی سەرەوە و لای ڕاست و چەپی سەرەوە و ناوەراستی لاپەڕە بەگوجاوی ڕێکخراوە و بۆتە مایەی دەرخستنی بابەتەکان.

10- خاڵێك کەگرنگە و ڕۆژنامەکە پەنای بۆ بردووە (لاپەڕەی جێگرەوەیە) واتە لەژمارەیەکدا دوو لاپەڕەی یەکەمی هەبێت ئەمیش لەو حاڵەتانەدا ڕووی داوە کە لاپەڕەی یەکەمی ژمارەی ئەو ڕۆژە بەتەواوی تەرخان بێت بۆ بابەتێك و هاتووە لە لاپەڕەی سێیەمی کردووە بە بدیلی لاپڕەی یەکەم، واتە بەهەمان شێوەی لاپەرە یەکەم دیزانی بۆکردووە.

## پێشنیاز

تەنها پێشنیازێك کە هەبیت بۆ ڕۆژنامەی خەبات لەڕووی دیزاینەوە ئەوەیە :

1 ناکرێت نەخشەسازی لاپەڕەی یەکەم لەڕووی قوتابخانەکانی دیزاینەوە ئاوا بێ ناسنامە بێت، دەبێت خۆیان لەسەر یەکێك لەقوتابخانەکان ساغ بکەنەوەو بیکەنە بەشێکی زیندوی کەسێتی ڕۆژنامەکە.

2- قەبارەی لاپەڕەی ڕۆژنامەکە نەستاندەرە نەتابلۆید، وباباشترە ئەمەش ساغ بکەنەوە و کامیان بۆ ڕۆژنامەکە بەگونجاو دەزانریت دیاری بکرێت.

3 ژمارەی ستوونەکان نابێت جێگیر نەبێت، هەڵبەت ئەم جێگیریەش دوای خۆساغ کردنەوە دێت لەوەی ئایا ڕۆژنامەکە تابلۆیدە یان ستاندەر، ناکرێت لەهەر ژمارەیك و ستوونەکان ژمارەیان جێگیر نەبێت.

سەرچاوەکان

یەکەم/ کتێبە کوردیەکان

1ـ زوبیان، سامی، ڕۆژنامە نووسیی ڕۆژانە و ڕاگەیاندن،و:مەم بورهان قانع، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی ،2008.

2 ـ مەنگوری،شێرکۆ میرزا، ئاستەنگەکانی یەکەم لاپەڕە لەڕۆژنامەدا،چ1،چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی،کەرکوك،2007 .

دووەم/ كتێبەعەرەبییەکان
1ـ الصاوى،احمد حسين ، طباعة الصحف واخراجها، دار القومية للطباعة والنشر.
2 ـ الصويعي،عبدالعزيز سعيد ، الاخراج الصحفي والتصميم بين الاقلام والافكار والحواسيب، ط1 ، دار الملتقى للطباعة والنشر، بيروت،1998.
3 ـ الحسن، غسان عبدالوهاب، ايدولوجيا الاخراج الصحفي،دار اسامة للنشر والتوزيع، ط1، عمان,2012.
4 ـ العسكر،فهدبن عبدالعزيزبدر.الاخراج الصحفي-اهميته الوضيفية واتجاهاته الحديثة، ط8 ،الرياض. 1998.
5ـ موسى، انتصار رسمي، تصميم واخراج الصحف والمجلات الالكترونية، دار وائل للطباعة والنشر،ط1، عمان ،2004.
6- نسرين، رياض عبدالله و تيسير احمد ابوعرجة، الاخراج الصحفي الحديث، دار المسيرة، ط1، 2014 .
7- الوحيشى،كمال عبدالباسط، اسس الاخراج الصحفي،منشورات جامعة بانغازي،ط1، 1999.
گۆڤار:
الساعدي ،جاسم زبون حسن (العناصر التيبوغرافية في الصحف العراقية( دراسة وصفية)،مجلة اهل البيت ، جامعة اهل البيت العراق ، 2018 .

## Designing The Front Page Of The Khabat Newspaper And How To Highlight The Topics.

**Dr.Dler Ahmed Hama**
dler.hama.@epu.edu.iq
**Media Techniques Department, Erbil Technical Administrative College, Erbil Polytechnic University. Kurdistan Region, Iraq.**

ABSTRACT:

This research, tagged with is an attempt to show the importance of the first page, and the importance of designing the typographic elements; In order to know the topics according to their importance.

This research was carried out according to the descriptive method and content analysis, as it took a sample of the months (May, June, and July) for this newspaper, dealing with the design of the first page, and how to highlight the topic.

This and we have reached in this research a number of results, perhaps the most prominent of which are: Following one of the design schools is an important step for the first page of any newspaper, because it becomes the personality of the newspaper; As well as proper handling of typographical elements

During these three months, you will not find an independent school or one of the schools of design on the same frequency in Khabat newspaper, so that sometimes it becomes difficult to determine the design of the page to which school it belongs to

Sometimes the entire first page is devoted to a topic, and is replaced by the third page, meaning that the third page has been designed as a replacement for the first page. This is an important step realized by the journalist in the design.